www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 18:40 2006-10-17

## ئەو ڕوو داوەی مێشیکی داگیر کردوم ... هەسیار غەمگین

ئەشێ ئەوە حیکمەتێکی فرە گەورەی تیادا بێت کە مرۆڤەکان ناتوانن مێشك و بیر کردنەوە کانی یەکتری وەخوێنن ئەگینا لەکاتی ڕوودانی کارەساتە کاندا تێکڕامان توشی شۆك دەبوین و حاڵی زۆربەی مرۆڤەکان ئاڕاستەیەکی نێگەتیڤی وەر دەگرت.
بەڵام خودا ئەو کارەی نەکردوە دیارە کەخۆی بەندە کانی باشتر دەناسێ کە خۆیان بۆ ڕووداوی واناگرن.
با من بێمەوە سەر باسەکەی ئەویش ڕووداوێکی دڵ تەزێن.
ڕۆژی 2006/10/10 19 ڕەمەزان کات دەمەو ئێوارە بوو کاتژمێر 4:26 خولەك لەناوچەی کارەباکە و لەبەردەم مزگەوتی (حاجی حەسەنی لۆکە) سەرو تەلاری بەرزی (فاروقی مەلا مستەفا) دو کچی پڕلە ژیان و هیوای گەورە لەکاتی پەڕینەوە یاندا لە جادە گشتی یەکە بوون بەژێر پاسێکی جۆری (نیسان) ە وە، حاڵەتەکە زۆر دژوار و دڵ تەزێن بوو، لەکاتی پەڕینەوەی ئەو دو کچەدا کە زۆر بەخێرایی هەوڵی ئەوەیان ئەدا کە خۆیان لە ئافاتی جادەکە بپارێزن لەکاتێدا کە دوری نێوان ئەو دوکچەو ترافك لایتەکە تەنها 15-20 سم دەبوو، لەوکاتەی کە زۆرینەی خەڵکی زمانیان بە ڕۆژو بوو هەوڵی ئەوەیان بوو زوو بگەنەوە ماڵەوە و بە ئاسودەیی ڕۆژوە کانیان بشکێنن.
دیاربوو ئەو دوکچەش بە پێی لەچکەکانیان بێت بە ڕۆژوو بوون بەو پێیەش بێت کە خێرا دەیان ویست بپەڕنەوە و زوو بگەنەوە شوێنی خۆیان هەر دەبێت بە ڕۆژوو بوبن، بەڵام ئیتر قەدەر ڕێگای پێنەدان و لە ئاخیری جادەکەدا کە نزیکەی تەنها سم مابوو کە تەواو بپەڕنەوە پاسەکە خۆی کێشا بە هەر دوکیاندا و کردنی بە ژێرەوە، زۆرینەی ئامادە بوانی ئەو ئێوارەیە لە ئاست ڕوودانی ئەو حاڵەتە دڵ تەزێنەدا فرمێسکی حەزینی و داماوی یان بۆ هەڵدە ڕشتن. لە هەمووشی حەزینتر بڵاو بوو نەوەی شت و مەکی نێو جانتاکانیان بوو کە مۆبایل و پارەی وردەی تێدا بوو بەو سەر جادەیەدا بڵاو کرا بۆوە. خێرا بەهاوکاری چەند کەسێکی تر شتە بڵاو کراوە کانمان خستنەوە ناو جانتاکان و هەردو کچە بێ هۆشە کەشمان خستە ناو ئۆتۆمبێلێکی جۆری (تیۆتا) وە و بە هاوکاری برایانی پۆلیسی هاتوچۆ.

### "ڕنگی ڕووداوەکە"

لەبەر ئەوەی کچی یەکەم لە دیوی یەکەمی پاسەکەوە بوو زام و برینەکەی زیاتر بوو هەر لەو کاتەشدا کە پاسەکە خۆی پێدا کێشا ئەو کچەیان کە لای سەروی کچەکەی تریانەوە بوو یەك دو جار دەست و قاچی بە خێرایی جوڵاو ئیتر لە جوڵە کەوت. ئەوی تریشیان کە لای خواری ئەوی تریانەوە بوو تەنها تاسابوو. کاتێکیش خستماننە ناو ئۆتۆمبێلەکەوە کچە زامدارەکەیان لە جێگای سەر یەوە یەك لیتر خوێنی لێ ڕۆیی بوو، کارایەك کە لەوێ بوو دەیکێشا بەسەری خۆیدا و دەیوت:" بەخوا ئەوەی کە خوێنەکەی لێ ڕۆیی بوو گیانی سپاردبوو ئەی نەتان بینی یەك دوجار دەست و قاچی جوڵاند و ئیدی جوڵەی نەما؟". بەڵام ئێمە هەموومان هیوای ساغی سەلامەتیمان بۆ دەخواستن. ئێوارە کاتێك گەڕامەوە بۆ ماڵەوە زۆر خەم و خەفەتم لەو کارە ساتە خوارد کە بینیبووم زۆر بەداخەوە بووم بۆی، دەموت:" خۆزگە هیچیان نەمردبن". شەویش دیمەنی کچەکەی کە ئاخیر جوڵەی کردو بۆ ئەبەد بێ جوڵە بوو هەر لەمێشکمدا خێرا خێرا لێدەدرایەوە.
بۆ بەیانی کاتێ بەوێدا ڕۆیشتمەوە لەبەر ئەوەی ڕێگای کارەکەم لەوێوە بوو لەو برا پۆلیسانەی هاتوچۆم پرسی ئاخۆ ئەوان هیچ زانیاریەك نازانن لەبارەی ئەو ڕووداوەی کە دوێنێ ئێوارە ڕوویدا، بەڵام ئەوان بێئاگایی خۆیان دەربڕی لەو ڕووداوەو وتیان:" کە ئێمە لێرە نەبووین لەبەر ئەوەی هەر ڕرۆژەو تاقمێکی لێیە"، بۆیە وردەکاری ڕووداوەکەیان لەم پرسی، منیش بۆم گێڕانەوە.

دواتر کە چوومە شوێنی کارەکەم ڕوداوەکەی ئەو ئێوارەیەم بۆ هاوڕێکانم گێڕایەوە یەکسەر یەکێك لەو هاوەڵانەم وت:" ئەزانی کچێکیان گیانی سپارد؟! یەکسەر کسپەیەك بە دڵمدا هات. وتی:" شۆفێری پاسەکە لە خەتی عەواڵ دا کار دەکات و ئێستا لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیر کراوە.
بە هەرحاڵ من هیچ مەبەستێکم نەبوو لەسەر ئەو حاڵەتە بەڵام کاریگەری ئەو خوشکەی کە هەرگیز سیمای لەبەر چاوم ون نابێ وای لێکردم کە نەتوانم بێدەنگ بم، ئەشێ ڕۆژانە بەدەیان حاڵەتی لەم جۆرە ڕووبدات و کە سیش کاریگەری هێندە لەسەر دروست نەکات، بەتایبەتی لە عێراقدا کە ڕۆژانە بەدەیان هاوڵاتی سڤیل و مەدەنی بە ناشیرین ترین و دڕندانە ترین شێوە دەکوژرێن و سەر دەبڕدرێن بەڵام وەکو وتم گاریگەیەکەی یەکجار گەورەبوو، ئەگەرچی ئەم نوسینە ناتوانێ بەو خوشکە کۆچ کردوەم بکات بەڵام خۆ توانیم ویژدانی خۆم ئاسودە بکەم، من هیوای چاکبوونەوەم بۆ هەردوکیان دەخواست بەڵام تاوانی من چیە کە ژیانی ئەویتریان تا ئەو جێگایە ڕۆیشتوە؟! ئەشێ من وەکو ڕۆژنامەنوسێك بە سوکە ئەرکێکی خۆم هەستابم کەئاسودە کردنی ویژدانە
وە بۆیە هیوای چاك بونەوەی خێرا بۆ ئەو خوشکەی تریانم دەخوازم...

Hastiar2006@yahoo. com